# کۆبوونەوەی ڕێکخراوی هۆڵەندا سەرکەوتووانە کۆتایی هات



ڕیکخراوی هۆلەندا بە ئامادەبوونی سکرتێری کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزب "کامل احمد"و زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراو لە ڕۆژی 25.03.2007 دا، کۆبوونەوەی خۆی بەست. کۆبوونەوەکە بە بەخێرهاتنتنی ئامآدەبووان لە لەلایەن هاوڕی حەمە غەفور سکرتیری کۆمیتەی هۆڵەنداوەو دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

دوواتر باسێک لە لایەن هاوڕێ "کامل احمد" ەوە لەژێر ناوی هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و پلینیۆمی 19 و جیهەتگیریەکانی پێشکەش کرا کە تێیدا باسی سەرەکی ترین ئەو کارانەی کرد کەپلنیۆم باسی لێکردبوو وە خستبوویە دەستووری کاری خۆیەوە. لەباسەکەیدا جەختی لەسەر چەندین مەسەلەی وەک ئاڵوگۆڕپێدانی حزب بۆ حزبێکی سیاسی بەهێزو کۆمەلآیەتی و بەهێزکردنی کۆنگرەی ئازادی عێراق و هێزی ئەمان و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەو سیناریۆ ڕەشەی کە ڕۆژانە سەدان کەس دەبنە قوربانی کرد. تەوەرەیەکی تری باسەکەی مەسەلەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بوو کە تیایدا پێویستیەکانی پێکهێنانی حزب لەم ڕووەوە خرایە ڕوو.

باسی دووەمی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە خستنە ڕووی چەندین پرۆژەو کاری کۆمەلآیەتی کە ڕێکخراوی هۆڵەندا دەتوانێت بیانخاتە دەستووری کاری خۆیەوە لە چوارچێوەی ئەرک و ئەولەویاتێکدا کە کۆمیتەی دەرەوە خستوویەتیە بەردەم ڕێکخراوەکانی حزب لە دەرەوە. هەروەها باسێکی جدی لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە کادرەکانی حزب ئەم پرۆژانە و ڕابەرایەتی ئەم مەیدانە جۆراوجۆرانە بە دەستەوەبگرن. برگەیەکی تری ئەم دەستورە هەڵبژاردنەوەی سکرتێری کۆمیتەی هۆڵەندا و بەرپرسی ئابوونەکان بوو کە تیایدا هاوڕێیان "دانا بەهادین" وەک سکرتێری کۆمیتەو " عبدالرحمن حسن" وەک بەرپرسی ئابوونەکان بە زۆرینەی دەنگەکان هەڵبژێردران.

کۆبوونەوەکە لە نێوان شۆڕوشەوق و موداخەلەی جدی هاوڕێیان بە خستنە ڕووی سەرنج و پێشنیارەکانیان لە هەردوو باسەکەدا کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕێکخراوی هۆڵەندا**

27.03.2007